# ژیان و بەرهەمی

# رۆلان بارت

# *Roland Barthes*

ئا : باوان عومەر

**ژیاننامە**

رۆلان بارت رەخنەگری بونیادگەری و بیرمەند و روانەری کۆمەلایەتی فەرەنسی لە 1915/11/12 لە دایکبووە و لە /5/25 1980 کۆچی دوایی کردووە، رۆلان بارت بە درێژای تەمەنی کارەکانی لە کێلگە بیریەکاندا فراوانکردووە و کاریگەری لەسەر زۆر قوتابخانەی وەك بونیادگەری، مارکسی، پۆست بونیادگەری، بونگەرایی، جگە لەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەکردنی زانستی واتاناسی ، لەم روانگەوە کارەکانی بەسەر بونیادگەری پۆست بونیادگەریدا دابەشدەبن و یەکێکە لە بیرمەندەکانی شەپۆل بیری پۆست مۆدێرنە لەگەڵ هەریەکە لە میشێل فۆکۆ، جاك دریدا، لویتارد..هتد.

رۆلان بارت زیاتر لە (15) کتێبی هەیە لەوانە( پلەی سفری نووسین، میپۆلۆجیا، رەخنە و راستی، چێژی دەق، گوتاری عشق......هتد).

**بواری کارکردن**

بە گشتی کارەکانی لێکۆلینەوەی رەخنەین لەسەر میشێل فۆکۆ و راسین و لێکدانەوەی پرۆگرامی زمان و ستایل و لەسەر هەمان بنەماکانی سۆسێر پێیوایە نیشانە زمانیەکان دوو روانگەی جیاوازی هەیە کە بریتیە لە (1– دال کە بریتیە لە مادیەتی پیتەکە، یان واتای دەنگی 2– مەدلول کە بریتیە لە لایەنی پەتی لە نیشانە زمانیەکان، چونکە خاوەن سروشتێکی زهنی و دەرونین وەك لای سۆسێر، بۆیە بریتیە لە واتای زیەتی وشەکە.

بارت لە رێگەی هەلوەشاندنەوەی نوسین شۆرشێکی عەقلی و لۆژیکی لە سۆنگەی رێگریەکانی شاعیر یان نوسەرەوە بەرپاکرد، بۆیە نوسەر یان شاعیری نوێ خۆی لە بەرامبەر پۆلێك لە وشەدا دەبینێتەوە کە پەیوەندیان





بەیەکەوەنیە بۆ گەڕانەوەی وەزیفەی خاوەنداریەتی لە نەسیجە دەستەواژەییەکاندا.
یەکێك لە دروشمە گرنگەکانی ڕۆلان بارت (مردنی نوسەر)ە و بەراگەیاندنی ئەم کارەی جیاوزازی و موڵداریەتی لە نێوان نوسەر و خوێنەردا دەکات و پێیوایە لە دایکبونی خوێنەر لەسەر بنەمای مردنی نوسەرە و هەوڵدەدات دەق ئازاد بکات لەدەسەڵاتی نوسەرەکەی و بەمەش دەق لە بەرامبەر خوێنەریدا واڵا دەکات و خوێنەر دەبێتە ئامانجی یەکەمی دەق.
بارت پێیوایە ((دەق شتێك نیە جگە لە پاشماوەی هەژاری و لاوازی شتە جوانەکان کە لە ناخماندا هەن، پێموایە کێشەکە لە بنچینەدا پەیوەندی بەبرۆستەوە هەیە، چونکە مارسل برۆست نیوەی تەمەنی لۆکەیشنی دەنوسی و لەپڕ دەستی کرد بەم کارە گەورەیە کە وەك لافاو وایە لە گەڕان بە دوای کاتی ونبوودا، منیش وا خۆم دەبینمەوە کە بەرەو ئەوە بڕێم، بۆیە گرنگی بە پێکهێنانی ڕۆمان دەدەم))
ڕۆلان بارت پێیوایە تاوەکو هەیمەنەی نوسەر بەسەر دەقدا زاڵ بێت و وێنەی ڕەوشتی بە چەمکە کۆمەڵایەتییەکەی یان دەرونییەکەی ئامادەبێت، ناتوانرێت چێژی دەق بەرهەمبهێنرێت) بۆیە دەڵێت ((پێویستە لەسەر ئەو دەقەی کە بۆچی دەینوسین، بەڵگەیەکم بداتێ کە دەمهەژێنێ و ئەمەش بەڵگەی بوونە، ئەوە نوسینە)) ئەم قسەی بارت لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە مردنی نوسەر دەبێت لەسەر بنەمای بەهێزکردن و تەغزویەکردنی نوسین بێت، چونکە نوسین و نووسەر لەسەر یەك هێڵ دەوەستن، هەروەها دۆزینەوەی سیما دیسپلینە ناوەکیەکان لە پێناو گونجاندنی بیرەکان لەسایەی نائامادەیی وێنەی نوسەردا، چونکە چێژی دەق بەدەستهێنراوێکی جێگیر و نەگۆڕە بە مردنی نوسەرەوە کە ئەمیش وەك بە دەستهێنراوێکی دڵنیا بەخشە.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت**

